www.kurdistannet.org

23:11 13-6-2006بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# فەرید زامدار: سەرۆکی لقی سلێمانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان: ئێمە لە هەموومان زیاتر بێزارین لەو یاسانەی سزای رۆژنامەنووسان دەدات ... ئا: ئاسۆ



سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان یەکێکە لە سەندیکا پیشەییەکان و تایبەتە بەتوێژی رۆژنامەنووسانی کوردستان، بەڵام ئەم سەندیکایە هەر لەسەرەتاوە و لەساتی دروست بوونییەوە بۆتە جێگەی رەخنەی بەشێکی زۆری رۆژنامەنووسان، جگەلەوەش ئەم سەندیکایە وەک پێویست نەیتوانیووە کارەکانی خۆی ئەنجام بدات و لەچەندین لاوە کەموکورتی زۆری هەیە کەئەمەش ساردییەکی زۆری لای رۆژنامەنووسان دروستکردووە، بۆ وەڵامی چەند پرسیارێکی بەردەوام و دواکارو پرۆژەکانی سەندیکای رۆژنامەنووسان ئەم چاوپێکەوتنەمان سازدا لەگەڵ بەرێز (فەرید زامدار) سەرۆکی لقی سلێمانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان.

**پ:** سەرەتا دەکرێت بزانین سەندیکای رۆژنامەنووسان چەند ئەندامی هەیە؟

**فەرید زامدار:** ئێمە ژمارەی ئەندامان و رێژەی رۆژنامەو گۆڤارو تیڤی و هەموو بوارەکانی راگەیاندن کۆتایی هەموو مانگێک رادەگەیەنین کە ژمارەی بۆتە چەند، هەر لەوماوەیەدا تا کۆتایی مانگی چواری 2006 ژمارەی کەناڵەکانی تەلەفزیۆن 41 بووە هەروەها رادیۆکانیش 41، ژمارەی رۆژنامەو هەفتەنامەکان 95، ژمارەی گۆڤارەکان 104 بوو ئەمە تەنیا لەسنووری سلێمانی و دەوروبەری، ژمارەی ئەندامانمان بۆ هەرسی پلەکە بەمجۆرەیە 531 ئەندامی کارا، 162 ئەندامی بەشدار، 55 ئەندامی مەشقکار، کۆی گشتی 748 ئەندامە، ژمارەی ژنانی رۆژنامەنووس بەمشێوەیەیە 66 ئەندامی کارا، 21 ئەندامی بەشدار، 4 ئەندامی مەشقکار ئەمە بەس لەسنووری سلێمانی و دەوروبەری.

**پ:** لەسەر چ پێوەرێک ئەندام وەردەگرن و پلەی دەدەنی؟

**فەرید زامدار:** پێوەرەکان دیارە، دەبی لەسی ساڵ کەمتر ئەزموونی نەبێت، لیژنەیەکمان هەیە سەیری کارەکانی دەکات، ئەگەر ساڵێکی هەبێت بەمەشقکار وەردەگیری، ئەگەر موتەفەریخ نەبی و لەپاڵ کاری رۆژنامەنووسیدا وەزیفەی تری هەبی لای ئێمە بە بەشدار وەردەگیری.

**پ:** زۆر کەس لەسەندیکا بەپلەی کارا وەرگیراوە کاری رۆژنامەنووسی ناکات یان دەڵێن نەوت فرۆش وەرگیراوە ئەمە بۆچی؟

**فەرید زامدار:** کاتی خۆی ئەم سەندیکایە دوو بوو یەکێتی رۆژنامەنووسان لەسلێمانی و سەندیکا لە هەولێر ئەوکات لەپەیرەو پرۆگرامی یەکێتی رۆژنامەنووسان ئەو مەرجە دانەنرابوو ئەوی دەبێت بەئەندام ئەگەر وەزیفەی تری هەبی نەکرێت بەئەندام بەڵام دوای کۆنگرەی گشتی تێکەڵ بوونەوە لیژنەیەک دانرا بۆ دانانی پەیرەو پرۆگرام ئەو لیژنەیە کردی بەمەرج کە دەبی ئەوانەی دەبن بە ئەندامی کارا تەنیا کاری رۆژنامەنووسی بکەن.

**پ:** بەڵام هەست ناکەیت دوای ئەوەش خەڵک وەرگیراوە؟

**فەرید زامدار:** لەدوای ئەوە کەسمان وەرنەگرتووە تەنیا ئەوانە نەبی کە دەرچووی بەشی راگەیاندنی زانکۆی سلێمانی لەگەڵ دەرچووانی پەیمانگای رۆژنامەنووسی.

**پ:** پێموایە سەندیکاش بەچەشنی ئەنجومەنی نیشتمانی بەسەر پارتەکاندا دابەشکراوە ئایا ئەمە تەندروستە؟

**فەرید زامدار:** پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردستانیمان بەو شێوەوەیە، ژیانی حیزبایەتی لەهەموو دنیادا هەیە، من بەتەندروستی دەبینم، چونکە دیموکراتییەت هەرئەوە نییە تۆ ئەوپەڕی بەرەڵلایی بەکاربهێنی دیموکراتییەت ئەوەیە چەند حاڵەتێک دەستنیشان بکەیت مومارەسەی تێدابکەیت.

**پ**: **ئێستا دەستەیەک ڕۆژنامەنووس دەیانەوی یەکێتییەکی ڕۆژنامەنوسان دروست بکەن ئایا ئەوە بۆشایی و کەموکوڕیی سەندیکاکەی ئێوە نییە تا ڕۆژنامەنووسانی سەربەخۆ ئەو هەنگاوە بنێن؟**

**فەرید زامدار**: **نەخێر، ئێمە کەس بەزۆر ناکەین بەئەندام، ئەوەشی پێمان ڕازی نەبێت ئارەزووی خۆیەتی ئازادە دێت یان نا، کەموکوڕیی نابێتە خۆی ئەوەی ڕێکخراوێکی تر دروست بی، ئێمە باوەڕمان بەکۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمەڵگەی دامەزراوەیی هەیە زۆر ئاساییە لەتەک سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان یەکێتی ڕۆژنامەنووسانیش دابمەزرێت، بەڵام سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بەحوکمی ئەوەی چەندین ساڵە دامەزراوە بنەمای خۆی داکوتاوە، بۆیە ئەوەی بڵی لەبەر کەموکوڕیی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان یەکێتی وا دادەمەزرێت پێموایە هەڵەیە.**

**پ**: **بۆچی هەوڵنادەن یاساکانی بەعس بگۆڕن کە تا ئێستا ڕۆژنامەنووس بەو یاسایانە سزا دەدرێن کە هەتا ئەمرۆ ئێوە لەبەرامبەر ئەمەدا زۆر بێدەنگن؟**

**فەرید زامدار**: **ئێمە بەڕەسمی داوامان کردووە ئەو یاسایانە نەمێنێت، لەدەیان کۆڕو کۆبوونەوەدا داوامان کردووە ئەو یاسایانە لاببرێن، لەو پرۆژەیەی ئێستا ئەوەی تیایە چاو بخشێرنێتەوە بە بڕیاری پەرلەمانی کوردستان، بەتایبەت قانوونی ژمارە 10ی ساڵی 1993 کە پەرلەمانی کوردستان بڕیاری لەسەرداوە یەک بڕگەی تیایە دەڵی هەر نووسەرێک، هەر ڕۆژنامەنووسێک یان ڕۆژنامەیەک تەشهیر بکات بەکەسان یان تەشهیر بەمەزهەبەکان و ئاینەکان بکات لەبەرامبەردا لایەنی تەشهیر پێکراو بۆیە هەیە لە دادگا شکاتی لێبکات، دادگا یەکسەر قانوونی سزاکانی عێراقیدەهێنێتە پێشەوە، بێزارین بێزارین ئێمە لەهەموومان زیاتر بێزارین لەو یاسایانە.**

**پ**: **لەم هەفتەیەدا بینیمان ڕێکخراوەکانی ژنان لەبەرمبەر بەشداریی پێنەکردنی پێویستی ژنان لەدەسەڵاتی تەنفیزیدا هەفتەیەکیان بەڕێوەبرد بەناوی هەفتەی هەڵوێست پێتوانییە پێویستە ڕۆژنامەنووسان هەڵوێست وەربگرن لەچەشنی ڕێپێوان و مانگرتن؟**

**فەرید زامدار**: **من پێموایە تازمانی دیالۆگ هەبێت ڕێپێوان گرنگ نییە و پێویست نییە.**

**پ**: **ئایا ماوەی پانزە ساڵی ڕابردوو بەس نییە بۆ دیالۆگ کاتی ئەوەنەهاتووە بەکرداریی هەڵوێست وەربگیرێت وەک وتم لەچەشنی ڕێپێوان و مانگرتن؟**

**فەرید زامدار**: **زمانی دیالۆگ لاوازە و زۆریش لاوازە، چونکە تۆ لەگەڵ ئەوەدا کەتێدەگات دیالۆگ بکەیت سەرکەوتوو دەبیت، بەڵام هەموو کەس لەئاستی دیالۆگدا نییەو هەموو کەس لە هونەری دیالۆگ نازانێت، دیالۆگ هونەرێکی سەربەخۆیە، قبوڵکردنی بەرامبەرە، بیروباوەڕی جیایە، ئێمە دەتوانین لەهەموو وەختێکدا لەبیروباوەڕو بیرکردنەوەدا جیابین بی ئەوەی شەڕ لەگەڵ یەکتری بکەین، دەتوانین بەهەموو شێوەیەک بیروباوەڕی جیامان هەبێت، دەتوانین، سوود لە بیروڕای یەکتر وەربگرین، بەڵام لەڕاستیدا هەندێک کەس هەیە شەڕدەکات و جنێو دەدات، هیچ لەدیالۆگ نازانێت.**

**پ**: **زۆرێک لە ڕۆژنامەنووسان گلەیی لەنووسینگەی دەرەوەی وڵاتی سەندیکا دەکەن کە لەشاری لەندەنەوە وەک پێویست کارەکانی سەرشانی بەڕێوەنابات ئێوەش لێرە ئەو ڕۆژنامەنووسانەی دەرەوەی وڵات وەرناگرن و ڕەوانەی نووسینەگەی دەرەوەیان دەکەن ئایا ئەم کێشەیە چارەسەر دەکەن؟**

**فەرید زامدار**: **نازانم لە ئەوروپا خەلەل هەیە یان نا چونکە لە ئەوروپا نیم و لەنیزیکیشەوە ئاگادارنیم بەڵام ئەوانەی لە ئەوروپا دێنەوە معامەلاتی خۆیان پێشکەش کردووە بەدڵنیاییەوە ئێمە وەریاندەگرین.**